# ئامۆژگاریەك لەبارەی هاتنی مانگی ڕەمەزان

ئامادەكردنی: أحمد عبدالرحمن

وەرگێڕانی : علی عبداللّه

موعەللای كوڕی فەضل دەڵێت پێشینەكان ( صەحابە و تابیعی‌یەكان ) لە شەش مانگی بەر لە هاتنی ڕەمەزان لە خوا دەپاڕانەوە كە خوای گەورە بیانگەیەنێتە مانگی ڕەمەزان ، وە لەپاش هاتنی ڕەمەزانیش شەش مانگ دەپاڕانەوە لەخوا كە پەرستنی ئەو مانگەیان لێ وەربگرێت ٠

وە هەروەها یحي بن ابی كثیر دەڵێت: پاڕانەوەی یەكێ لە پێشینەكان بریتی بووە لە : ئەی خوایە بمگەیەنە بە مانگی ڕەمەزان و مانگی ڕەمەزانیش بگەیەنە بە من ، وە ئەو مانگەم بۆ بەرە سەر بە قەبوڵ بوونی ئەو پەرستنەی كە كردوومە تێیدا ٠

گەیشتن بە مانگی ڕەمەزان و بە ڕۆژوو بوون تێیدا نیعمەتێكی زۆر گەورەیە بۆ ئەو كەسەی كە خوای گەورە یارمەتی بدات لەسەر ئەم پەرستنە ٠

وە بەڵگەی گەورەیی ئەم مانگەش ئەم فەرموودەیەیە كە باسی سێ كەسەكە دەكات كاتێك كە دوانیان شەهید دەبن ، لە پاشان ئەوی تریان دەمرێت لەدوای ئەوان لەسەر جێگەكەی، وە لە خەودا دەبینرێ كە پێش دوو شەهیدەكە كەوتۆتەوە بۆ بەهەشت ، لەم كاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (( ئایا كەسی سێیەم ساڵێك نەمایەوە دوای دوو شەهیدەكە ، وە لەم ساڵەدا نەگیشتە مانگی ڕەمەزان و بە ڕۆژوو نەبوو ، وە ئەو هەموو نوێژ و كرنوشەی بۆ خوا نەبرد لەو ساڵەدا ، كەواتە ماوەی نێوان ئەم دوو شەهیدە وەكو ماوەی نێوان ئاسمان و زەوییە ))(١) ٠

هەر كەسێك بەزەیی بە خەڵكدا بێتەوە لەو مانگەدا ، ئەوا خواش بەزەیی بەودا دێتەوە ، وە هەركەسێك بێ بەش بێت لەخێری ئەم مانگە ، ئەوە بێ بەش دەبێت لە خێر و پاداشتی خوا ، وە

. رواه البیهقي وصححه الالباني في صحیح الجامع (٢٨١/١) رقم (١٣١٦)

هەرکەسێك لەم مانگەدا هـەوڵی توێشـوی دوا ڕۆژ نەبێت ئەوا بەدبەختە.

هەروەك شاعیر دەڵێت :

أتى رمضان مزرعة العباد
لتطهير القلوب من الفساد
فأد حقوقه قولاً وفعلا
و زادك فاتخذه للمعاد
فمن زرع الحبوب وما سقاها
تأوه نادماً يوم الحصاد

واتـە مـانگی ڕەمـەزان ـ کـە کێڵگـەی بەندەکانـە ـ هـات بـۆ پـاك کردنـەوەی دڵەکان لـە خراپـە ، کـەوابوو مـافی ئـەم مانگە بدە بە قسە و کردەوە ، وتوێشوی خۆت ئامـادە بکـە بـۆ ڕۆژی دوایـی ٠ وە هەرکەسـێك تـۆوی دانەوێڵـە بروێنێـت و ئـــاوی نـــەدات ، ئـــاخی پەشـــیمانی هەڵدەکێشـــێت لـــە ڕۆژی دروونـــەوەی بەرهەمدا ٠

ئەی ئەو کەسەی کە ماوەیەکی زۆرە خۆت وون کردووە لێمان ، وا ڕۆژی ئاشت بوونەوە نزیك بۆوە ، ئـەی ئـەو کەسـەی کە بـەردەوام لـە زیـان و زەرەردایـە ، وا ڕۆژی بازرگانی و قازانج کردن هـات ، وە هەرکەسـێك ئەگـەر لـەم مانگـەدا قـازانج نـەکات ، ئـەدی لـە چ کاتێکـدا قـازانج دەکات٠ وە هەرکەسێك نزیك نەبێتەوە لە دۆسـتایەتی کـردن لـەو مانگـەدا ئـەوە بەردەوام هەر دوور دەبێت٠

شاعیر دەڵێت :

أناس أعرضوا عنا
بلا جرم ولا معنى
أساؤوا ظنهم فينا
فهلا أحسنوا الظنّا
فإن عادوا لنا عُدنا
وإن خانوا فما خُنا
فإن كانوا قد استغنوا
فإنا عنهم أغنا

واتە ئایا خەڵك پشتی لە ئێمە کردووە بەبێ تاوان و بێ مانا ، ئایا گومانی خراپ بە ئێمـە دەبـەن ، ئـەوە بۆچـی گومـانی چـاکمان پـێ نابـەن ٠ ئەگـەر ئـەوان گەڕانەوە بۆمان ئێمەش دەگەڕێینـەوە ن وە ئەگەر خیانـەتمان لەگـەڵ بکـەن ئـەوا ئێمە خیانەت ناکەین وە ئەگەر خۆیان بێ پێویست بـزانن لـە ئێمـە ، ئـەوا ئێمـەش لەوان بێ پێویست ترین ٠

چەند جـار بـانگ دەر بـانگ دەکـات : ( حي على الفلاح ) وەرە بـۆ سـەرفرازی بەڵام تۆ گاڵتەت پێ دێت ؟! وە چەندین جار بانگ ئەکرێی بۆ کاری چاکە بـەڵام تۆ بەردەوامی لەسەر خراپە ؟!

إذا رمضان أتى مقبلاً
فأقبل فبالخير يستقبل
لعلك تخطئه قابلاً
وتأتي بعذر فلا يقبل

واتــە : مــانگی ڕەمــەزان بــەرەو ڕووت هات ، دەی تۆش بەرەو ڕووی برۆ .

چەندین کەس هەبوو بە هیـوای ئـەوە بوو کە بـەڕۆژو بێـت لـەم مانگـەدا بـەڵام هیواو و ئاواتەکەی خیانەتی لەگەڵ کردو پێش هاتنی ڕەمەزان چووە ناو تاریکایی قــەبرەوە . وە چــەندین کــەس هــەبووە ڕۆژێـك پێشـوازی لێ کـرد و ئــەم ڕۆژەی تــەواو نــەکرد ، وە زۆر کــەس هـــەبوو بەهیوای ئەوە بووە بەیانی بەڕۆژوو بێـت بەڵام نەگەیشت پـێی . ئێوە ئەگەر بتـان زانیبـا کـاتی مردنتـان چ کاتێکـە ، ئـەوە ڕقتـــان لـــە هیـــواو ئـــاوات خواســـتن دەبووەوە.

**عمـری کـوڕی عبـدالعزیز** لـە کۆتـا وتاریدا فەرمووی :

(( ئێــوە هـــەروا بەگاڵتـــە دروســـت نـــەکراون وە وازتـــان لێ ناهێنرێـت بـــە خۆڕایی و بێ سود ، ئێوە کاتێکتـان بـۆ دیـاری کـراوە کـە خـوای گـەورە تێیـدا دادەبەزێ بۆ بڕیاردان لەنێوان بەندەکانی ، وە بەڕاستی هیوا بـڕاو و زەرەر مەنـدە هەرکەسێك لـە ڕەحمـەتی خـوای گـەورە دەرچێت ـ کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە ـ و بـێ بـەش بێـت لـە بەهەشـت کـە فراوانیەکەی فراوانی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە .

ئایا نابینن ئێوە لە پاشماوەو میراتـی خەڵکانی پێش خۆتـان ، وە ئەوانەی دێن لەدواتان ئەم میراتە دەگرن ؟ هـەر بـەو شێوەیە تا دەگەن بە خوای گـەورە . وە هەموو ڕۆژێك هەندێکتان دەگەڕێنەوە لای خوا و بڕیاری مردنـی بـۆ دراوە، تەمـەنی کۆتــایی هــات ، ئێـوەش ماڵئاواییـان لێ دەکـەن ، لـەناو چـاڵی زەویـدا بـەجێی دەهێڵن کە سەرین و ڕایـەخی تێدا نیـە، ئەو مردووە لە کردەوە پچڕاو جیـا بـۆوە لە خۆشەویستان و، نیشتەجێی نـاو گـڵ بــووە ، وە بــەرەو ڕووی لێ پرســـینەوە بۆوە . پەیوەندی نەما بەوەی کە بەڕێی کرد بەڵام هەژارە بۆ ژیـانی لەمـەو دوای، لەبەر ئەوە ئەی بەندەکانی خـوا لـە خـوا بترسـن پـێش دابـەزینی مـردن و کـاتی هاتنی، وە من ئەو قسـانەتان پـێ دەڵـێم وە نـــازانم خـــەڵك چـــەند تاوانبـــارە ئەوەندەی کە دەزانم من خۆم چەندە زۆر تاوانبارم . بـەڵام مـن داوای لێبـوردن لـە خوا دەکەم و دەگەڕێمەوە لای ئەو )).

لەپاشــان لایــەکی عەبایەکــەی بــەرز کردەوەو دەستی کرد بە گریان و هاواری کــرد و هەنســکی دا . لەپاشــان لەســەر مینبەرەکـە دابـەزی و نەگەڕایـەوە سـەر مینبەرەکە هەتا مرد.

ڕەحمەتی خوای لێ بێت .

وه شاعير دهڵێت :

يا ذا الذي ماكفاه الذنب في رجب
حتى عصى ربه في شهر شعبان
لقد أظلك شهر الصوم بعدهما
تُصيِّره أيضاً شهر عصيان
واتل القرآن وسبح فيه مجتهدا
فإنه شهر تسبيح و قرآن
واحمل على جسد ترجو النجاة له
فسوف تضرم أجساد بنيران
كم كنت تعرف ممن صام في سلف
من بين أهل وجيران وإخوان
أفناهم الموت واستبقاك بعدهم
حيا فما أقرب القاصي من الداني
ومعجب بثياب العيد يقطعها
فأصبحت في غد أثواب أكفان
حتى متى يُعمِّر الانسان مسكنه
مصير مسكنه قبر لإنسان

واته ئەی ئەو کەسەی کە وازی نەهێنا له تاوان کردن لـه مـانگی ڕجـەب دا ، وا سەرپێچی پەروەردگاری کـرد لـه مـانگی شـەعبانیش دا . وه بەڕاسـتی وا مـانگی ڕۆژووش لـەدوای ئـەو دوو مانگانـە بـاڵی کێشـا بەسـەرتا ، کەواتـە ئـەم مانگـەش مەکە بە مانگی سەرپێچی کردن . هـەوڵ بدە زیکر و قورئانی تێدا بخوێنە، چونکە ئەوە مـانگی زیکـر و قورئـان خوێندنـە ، خۆت هیلاك بکە و یارمەتی لاشەیەك بدە کـە دەتـەوێ ڕزگـاری بکـەی ، چـونکە لەمـەودوا زۆرێـك لـە لاشـەکان بـە ئـاگر دەسوتێنرێن .

تۆ چەندین کەست دەبینی کە بەڕۆژو بـوون لـەپێش تـۆ لـە خـزم و دراوسـێ و براکانت. کەچی مردن ئەوانی لەناو برد و لـەدوای ئـەوان تـۆی بەزینـدوویی بـەجێ هێشـت . ئـای ئـەو مردنـەی بـەدوری دەزانی چەند نزیکە !

هـی وا بـووە دڵـی خـۆش بـوو بەجلـەکانی جـەژنی ، بـەڵام بـۆ بـەیانی لێی بوون بە کفنی ناو گۆڕ!.

تـا کـەی مـرۆڤ جێگـای نیشـتەجێ کاتیەکەی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە ، کـە بێگومـان ئـەو شـوێنەی ڕۆێـك لـە ڕۆژان دەبێت بە گۆڕی کەسێك !.

*****************

( إنّما سُميت الدُنيا لأنها دَنَت ، و إنّما سُـميَّ لأنَـهُ يميـل )[٢] / الامـام سـفيان الثوري (رحمه الله) .

واته : دونیا بۆیە ئەو ناوەی لێ نـراوە چـونکە ئـادەمیزاد کـەم نـرخ و سـوك دەکـات وە (مـال/واتـە:پـارە) بۆیـە ئـەو نـاوەی لێنـراوە چـونکە ئـادەمیزاد لار دەکاتەوە و لە خشتەی دەبات .

(٢) انظر : (الحلية) لابي نعيم الاصبهاني (٧/١٠، و(المجالسة) للدينوري برقم (٦٨) وقال محققه : سنده حسن .